# ڕاپۆرته هەواڵی ژماره (5)

**1/ سەردانی وەفدی نوێنەرایەتی کوردستانی (یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان له عێراق) بۆ نوسینگەی (کۆنفدراسیۆنی نێودەوڵەتی سەندیکا کرێکاریەکان) له عەمان – ئەردەن لە( 2007/2/6 ITUC(**




لەلایەن (رالف ئاربل) ڕێکخەری کاروباری پرۆژەکانی عێراق وەفدەکە زۆر بە گەرمیەوە پێشوازی لێکراو قسەو باس و گفتوگۆی چڕوپڕ کرا لەسەر هەلومەرجی گوزەرانی کرێکاران و دەورو نەخشی سەندیکا کرێکاریەکان له ئاستی عێراق بەگشتی و له ئاستی کوردستان بە تایبەتی وە ئومێدی سەندیکا نێودەوڵەتیەکان لە گێڕانی دەورێکی بەرچاو بۆ پێشخستن و بەهێزکردنی کاری سەربەخۆی سەندیکا کرێکاریەکان دور لە دەستێوەردانی خاوەنکار و حیزب و دەسەڵاتدار و دەوڵەت بۆ جێخستنی دروشمی( پێکهێنانی سەندیکا و ڕێکخراو بوونی کرێکاران ئەرك وکاری سەربەخۆی کرێکارانە) ، بڕیارە لە بەرنامەی داهاتوی ساڵی نوێدا 2007 چەند جارێك سەردانی عێراق و کوردستان بکەن بۆئەوەی لە نزیکەوە چاویان بە پێشکەوتنی کاری سەندیکایی و هەلومەرجی گوزەرانی کرێکاران بکەوێت ، هەروەها ئەوەیان ڕاگەیاند کە ئومێدی زۆریان بە هەوڵ و چالاکیەکانی نوێنەرایەتی کوردستانی(یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق) هەیە بۆ یەکگرتوو کردنی ڕێکخراوە کرێکاریەکان لە ئاستی کوردستان وعێراق دا ..

**2/ بەشداری نوێنەرایەتی کوردستانی(یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان له عێراق) لە عمان – ئەردەن له خولێکی ) (ITFفدراسیۆنی نێودەوڵەتی سەندیکای کرێکارانی گواستنەوە**



ماوەی خولەکە لە13-2007/2/15 خایاند کە تایبەت بوو بە کەرتی هێڵی ئاسمانی و فڕۆکە خانەکان لە هەموو عێراقدا ، لەم سیمینارەدا کێشەکانی کرێکارانی کەرتی گواستنەوەی ئاسمانی بەشێوەی جیا جیا خرایە بەر باس و لێکۆلینەوە و گرنگی ئەم کەرتە لە ئاستی نێونەتەوەیی و جیهانگیری دا وە کارکردەکانی بەتایبەتکردنی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی ئاسمانی وە ڕۆڵی سەندیکای کرێکارانی ناوخۆوجیهانی لە پێشخستنی بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەو گوزەرانی کرێکارانی ئەم بەشە هەروەها هەوڵدان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی سەندیکاکان دور لە

**دەستێوەردان وە هاوپشتی و هاوکاری (ئای تی ئێف) وە بەشێکی زۆری ئەم سیمینارانە جەختکردنە سەر ئەو لایەنانە بوو کە هێزەکانی هاوپەیمانی ئەمریکا وەك داگیرکاری عێراق لە تێکدان و قۆرخ کردنی فرۆکەخانەکان بۆ کاری سەربازی ،وە لەو خولەدا نوێنەری کوردستانی(یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق) باسیلە حکومەتی بەریتانیا کرد کەچۆن فرۆکەخانەی هەولێری کردۆتە رێگەیەك بۆ بەزۆر هێنانەوەی پەنابەران ، جێگری سەرۆکی(ئای تی ئێف) داوای کرد کە بەزوویی ڕاپۆرتێکیان بۆ ئامادە بکرێت لەو بارەیەوە تاوەکو هاوپشتی خۆیان دژ بەو کارە دژە ئینسانیە و لێکۆلینەوە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەدا لە بەریتانیا دەستپێبکەن کە هاوکاریان دەکەن ، وە هیوای ئەوشیان خواست پەیوەندیەکان بەردەوام بن لە داهاتوودا ...**

## 3/ کۆبونەوەی ناوەندی نوێنەرایەتی کوردستانی(یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق)



**لە 2007/3/3 لەو کۆبونەوەیەدا هەڵسوڕاوان لەسەر سەردانەکانی نوێنەرایەتیکوردستان بۆ عمان-ئەردەن گفتوگۆی لەسەر کراو هەڵسەنگێندرا و کاری داهاتووی نوێنەرایەتی کوردستان بۆ هەرچی زیاتر ڕێکخستنی کۆبونەوەی گشتی ناوەندەکان و زەمینە سازی بۆ کۆکردنەوەو یەکگرتو کردنی سەندیکا کرێکاریەکان لە بەستنی کۆنگرەیەکی سەراسەری و سەربەخۆ لە کوردستاندا .**

**4/ وەفدێکی نوێنەرایەتی کوردستانی (یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق )سەردانی یەکێتی سەندیکای کرێکاران و پیشەوەرانی کوردستانی لە سلێمانی کرد لە 2007/2/24 گفتوکۆکان لەسەر کۆبونەوەکانی پێشتر بوو سەبارەت بە یەکگرتنەوەی سەندیکاکانی هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر و زیانەکانی ئەو هەولأنەی کە دەدرێت بۆ بەزۆر سەپاندنی سەرو ئیرادەی کرێکاران بۆ ئەو یەکگرتنەوەیە و پشتپەردە کارکردنی حیزبەکان لەو پێناوەدا وەفدەکە ئەوەی ڕاگەیاند کە ئێمە ئامادەین لە ڕێگەی بەستنی کۆبونەوە گشتیەکان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی کرێکارانەوە هەموو پێکەوە لە پێکهێنانێکی فدراسیۆنێکی سەراسەری کرێکاری سەربەخۆو بەهێزدا لە پێناو بەهێز کردن و بردنە پێشەوەی بزوتنەوەی سەندیکایی کرێکاران لە کوردستان کاربکەین ئەمە لە کاتێکدا زەرورەتی خۆی هەیە چونکە سەرجەم سەندیکا کرێکاریەکانی جیهان ئومێدیان بەستووە بە بەهێز بوونی ئەم سەندیکایانە لە کوردستان و عێراق بۆ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگای مەدەنی و شارستانی لە شوێنێکدا کە زۆر بە ووردی چاوی لە سەرەو هیواکەشی تەنها هاتنە مەیدانی ئەم بزوتنەوە سەربەخۆیەیە لە پێناو باشتر کردنی گوزەران و ژیانی زۆرینەی کۆمەڵگا.**

**5/ بەشداری نوێنەری کوردستانی(یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق) لە کۆبونەوەی گشتی ئاسنگەرانی سلێمانیدا لە2007/3/5 کە ژمارەی 290 کەس لە کرێکارانی ئاسنگەر بەشداریان تێدا کرد وە لەو کۆبونەوەیەدا حەوت کەس بە نوێنەرایەتی هەڵبژێردران ، شایانی باسە پێش ئەم کۆبونەوەیە بەیاننامەیەك لە لایەن (یەکێتی شوراو**

**سەندیکا کرێکاریەکان )بلاۆکرایەوە کە تێیدا داوا لە ئاسنگەران کرابوو نەچنە پاڵ هیچ جۆرە هەوڵێکی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی هەوڵی پەرت وبلاۆکردنەوەی کرێکاران ئەدەن و هەوڵبدەن یەکڕیزی و سەربەخۆیی بڕیاری خۆیان بۆ سەرخستنی ڕیکخراوبونیان بپارێزن .ئەوەی جێگای خۆشحاڵیبوو دەستپێکردنی بزوتنەوەیەکی نوێی کۆبونەوەی گشتی کرێکاران بەڕێوەیە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران وە کێشمەکێشەکان لە نێوان دەستێوەردانی حیزبەکانی دەسەڵات و شەڕی تەکەتولاتی حیزبی کە دەبێت کرێکاران زۆر هەستیارانەو بە وورياييەوە مامەڵەی ئەو هەل ومەرجە بکەن و ڕیزەکانی خۆیانیان لیٚ جیابکەنەوەو سەندیکا و شوراو یەکێتیە کرێکاریە سەربەخۆکانی خۆیان ئازادانە هەڵبژێرن ئەو دەستانە ڕسوا بکەن کە دەبنە بەربەستی ئەم بزوتنەوەیە ...**



**6/ بەشداری چالاکانەی نوێنەرایەتی کوردستانی(یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکان لە عێراق)  لە مەراسیمی 8یمارس/2007 لە شاری سلێمانی کە پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە پارکی ئازادی کۆمیتەی پێشوازی 8یمارس ئامادەی کردبوو لەم پێناوەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کرێکارانی ژن و پیاوی ئازادیخواز و یەکسانیخواز بەشداریان تێدا کردو ئەم ڕۆژەیان یادکردەوەو بەرزو بەڕێز نرخاندیان وەك ڕۆژێکی ناڕەزایەتی بەرامبەر جەوساندنەوەی ژنان و هەلاٚواردنی ڕەگەزی ...**